# ئاستەنگەکانی بەردەم پێشکەوتن



هیچ کات هەستت کردووە کە تۆ لەوانی دیکە کەم چانستری و ئەوان بە ئاسانی دەگەنە خەونەکانیان و تۆ دوای ماندووبوون و ئەستەمێکی زۆر بەدی دەهێنی، ئەگەر لە لایەنگرانی ئەم مەسەلەیەی ئەوە کات گونجاوە بۆ گۆڕانی، چونکە سەرسەختترین دوژمنی پێشکەوتنی خودە.

تێڕامان لە ژیاننامەی مەزنەکانی مێژوو هۆیەکە بۆ گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی ئەوان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە بەرزەی سەرکەوتن و پێشکەوتن لەبەرئەوەی بەخت زۆر یاوەریان بووە یاخود زۆر زیرەک بوونە، بەڵام بەپلەی یەکەم ئەوان زۆریان هەوڵداوە بۆ پێشخستنی خودی خۆیان و کاریان بۆ کردووە، ئەمەش بۆ هەموو مرۆڤێک ڕەخساوە، هۆکاری باوەڕکردن بە ئاسانی گەیشتن بە خەون و ئاواتەکان ئەوەیە کە مرۆڤ تەنها دەرەنجامی کۆتایی ئەخوێنێتەوە وەک یارییەکی تۆپی پێ تیپێک لە رکابەرەکەی زیاتر هیلاک ئەبێ، بەڵام ئەمەی دوایی لە کۆتا خولەک گۆڵ ئەکات و هەموو ماندووبوونی بەرامبەر تیا ئەچێ و کەس باسی ناکات بەڵکو ئەو دەبێتە پاڵەوان، چونکە مێژوو تەنها ئەنجامی کۆتایی دەنووسێت، بۆ نموونە تۆماس ئەدیسۆن کە داهێنەری ڕووناکی کارەباو چەندین داهێنانی دیکەیە کە وێستگەیەکی گرنگە لە مێژوو نەگەیشتە داهێنانەکەی تا دوای ٩٩٩ تاقیکردنەوەی سەرنەگرتوو، واتە چاوەڕوانی تاقیکردنەوەی ژمارە ١٠٠٠ی کرد تاکو سەرکەوت و ئەنجامی خوازراوی بەدەستهێنا، بۆیە بۆ ئەوەی مرۆڤ پەرە بە ئاست و خودی خۆی بدات پێویستە سەرەتا بەرەنگاری هەموو ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە ببێتەوە کە دێنە بەردەمی.

تێڕوانینی نێگەتیڤ و ڕەشبینی خودو بەکەم زانینی خود یاخود بڕواکردن بەوەی کەم توانایە بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن یاخود وتنی ڕستەی کەم چانستر لەوانی تر لەو ئاستەنگانەیە کە گەشەکردن و پێشکەوتنی خود دوا دەخات، بەڵام ئاخۆ چارەسەر چییە؟ پێویست بە گازەندە کردن ناکات و کەسانی دیکە خەتابار مەکە، بەڵکو دەبێ بەرپرسیاری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانت بی لە ساناترین شتەوە تا گەورەترینیان، دڵنیابە کە هەر کەس ماندووبێ بەشی خۆی لەو ماندووبوونە بەدەست دەهێنێ، ژیانیش گوڵڕێژ نەکراوە لەبەردەمت، بەڵکو دڕکی زۆری تێدایە بەڵام لەگەڵ ماندووبوون و سەبرگرتن ئەگەیتە لوتکەی چێژوەرگرتن لە بەدیهێنانی خەونەکانت ئەگەر دوای ماندووبوونی زۆریش بێت.

کەمی پاڵپشتی و هاوکاری لە خێزانەوە یا لە هاوڕێیان و کەسانی نزیکەوە بۆ هەندێک کەس پێشکەوتنی خود دوا دەخات، چونکە هاندان و پاڵپشتی و هاوکارییان زۆر بەسوودە بەڵام ئەمیش کۆتا شت نییە، بۆیە ڕەنگە دەرگای دیکە زۆربن بۆ پاڵپشتیکردنی پێویست ئەمیش لەمیانەی خوێندنەوە بێ یا پەنابردن بۆ کەسانی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لە هەموو بوارێک ئەوەی پێویستیشە تەنها گەڕانە بەشوێنی ئەو کەسانەو بینینەوەیان.

ڕەنگە ئامانجت هەبێ بەڵام شێوازی گەیشتن پێی ڕوون نەبێت، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک لەوانە ڕەنگە خەونەکانت لە تواناکانی ئێستات گەورەتر بێ، یاخود زۆر پەلەت بێ بۆ بەدیهاتنی بەبێ ماندووبوون، یا ئەو شێوازەی گرتووتەتەبەر یارمەتیدەر نەبێت بۆ گەیشتن پێی، لەم حاڵەتەش گرنگترین شت نووسینەوەو دیاریکردنی سنوورێکی کاتییە دوورترینی دوانزە مانگ بێ بۆ گەیشتن بە هەندێ لە ئامانجەکانت بەتایبەتی بچووکەکان تا گەورەترین خەون بەدی دێت، چونکە ئەبێ ئامانج و خەونەکان ڕیزبەند بکرێ بۆ نموونە بواری تەندروستیت، لایەنی سۆزداری، پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵک، کارکردن.. دیاریکردنی ئامانج تەنها شتە کە پێویستیت پێیەتی و هەموو شتێک چارەسەری هەیە.

لۆمەکردن گرنگترین ئاستەنگی پێشکەوتنی خودە، چونکە وات لێدەکات تووشی گێژاوی بیرکردنەوەی نێگەتیڤ ببیتەوە، باشتر وایە پشتگوێی بخەیت و جەخت لەسەر ئەنجامدانی کارەکان و هەوڵدانی بەردەوام و جۆراوجۆر بکەیتەوە.

مەرج نییە بەردەوام ئێمە لەسەر حەق بین و ڕاست بین، یاخود بیرۆکەکانمان هەڵەی تێدا نەبێت، چونکە ئێمە مرۆڤین، بۆیە منی تایبەت بەخۆت لە شوێنی خۆی دابنێ، ڕێز لە خودی خۆت بگرە، بەڵام نەگاتە ئاستی خۆ بەزلزانین و توندڕەوی لە بیرکردنەوەت، لەبەرئەوەی هەموو شتێک بواری گۆڕین و نوێبوونەوەی هەیەو لەگەڵ باروودۆخی هەموو کۆمەڵگەیەک بگونجێ، کراوەبە بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە قبووڵ بکەیت بەمەش سوود دەگەێنیت و سوودیش وەردەگری بۆ گەیشتن بە باشترین ئامانجەکان لە ئاستی پێشکەوتنی خود.

**کاردۆ قادر**

# هەشتی مارس و ڕەوشی ژنانی کوردستان

**سەربەست کانەبی**




هەشتی مارس بە ڕۆژی جیهانی ژن ناسراوە، هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا ژنانی جیهان و لایەنە سیاسییە پێشڤەڕۆکانی وڵاتان بە جۆرێک لە جۆرەکان هەستی خۆیان بەرانبەر بەو ڕۆژە دەردەبڕن، بەیاننامە و ڕاگەیاندراو بڵاو دەکەنەوە، ئاهەنگ و مەراسیم دەگێڕن، هەروەک ئاشکرایە کە هەموو ساڵێک ژنان لە سەرانسەری جیهان بەرەو پێشوازی هەشتی مارس دەچن. زۆرینە خۆیان ئامادە دەکەن و دەیانەوێ لێبڕاوانەو قایمتر لە پێشوو داوای مافە زەوتکراوەکانیان بکەن. بەدڵێکی پڕ لەهیواوە بەڵێنی بەردەوام بوونی خەبات دووپات دەکەنەوە، دێنەوە گۆڕەپانی تێکۆشان، بە قەولی خۆیان ئەزموونەکانی خەباتی ڕابردوویان دەکەنە هەوێنی زیاتر یەکگرتن و پێکەوە بوونیان، ئەزموونی ڕابردوو دەبێ بە کرۆکی بەهێزکردنی تواناو شیانیان، بەڵام بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو هیچ مافێک بە ئاهەنگ و یادکردنەوە، بە بەڵێن و سنگ دەرپەڕاندن بەدەست نەهاتوون، بەڵکو وەک دەگوترێ : (ماف دەسەندرێ و نادرێ).

ئەمساڵیش ژنانی کوردستان و جیهان، لە کاتێکدا یادی هەشتی مارس دەکەنەوە، هەقە لەو بۆنەیەدا بەخێرایی چاو بە ڕەوشی ژنانی باشووری کوردستان بخشێنینەوە.

ڕەوشی ژنانی باشووری کوردستان بە بەراورد بە ٢٤ ساڵ پێش ئێستا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینوە، هەنووکە دەیان ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان و خانمان چالاکیان هەیە، مێدیاکان بە لێشاو باسی ڕەوشی ژنان و کێشەکانیان دەکەن، دەیان کەسی باڵادەست وفەرمانڕەوا بەبۆنەو بێبۆنە واپێشان دەدەن کە داکۆکی لە ژنان دەکەن و پارێزگاریان لێدەکەن!! بەڵام لە واری کرداریدا ڕەوشی ژنان چەندین هەنگاو بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە.

ئێستا ڕۆژانە ڕووداوی نەخوازراو دەرهەق بە ژنان بڵاو دەبێتەوە، ژن دەکوژرێ، ئەشکەنجەو ئازار دەدرێ، بازرگانی پێوە دەکرێ. ئەمە وێڕای ئەو بارە قورسەی کە لەنێو خێزاندا ڕووبەڕووی کراوەتەوە.

کۆمەڵگەی کوردستان لەنێو باهۆزی کێشەکاندا گوزەر دەکات، ژن ئەو مرۆڤەی کە ئەرکی ماڵەوەو بەخێوکردنی منداڵ ڕادەپەڕێنێ، لە هەموویان زیاتر دووچاری کێشەی دەروونی و ئابووری دەبێتەوە.

ساڵێک زیاترە کە باشووری کوردستان دووچاری قەیران و تەنگژەوی ئابووری بۆتەوە، فەرمانبەران بە درەنگەوە مووچەی مانگانەیان پێدەدرێ، بەوهۆیەشەوە بازاڕ شڵەژاوە، پێداویستی ڕۆژانە بە سەخت بووە. ئەو بارە گرانەش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی کابانی ماڵ دەکەوێ، ناچارە بەرنامەڕێژی بۆ بژێو بکات، ئەرکی ماڵەوە ئەنجام بدات، ئاگای لە ڕەوشی دارایی خێزان بێ و دەستی پێوەبگرێ، کەواتە ژن وەک بەرپەسیاری یەکەم لەبەرانبەر قەیرانەکاندا هەراسانە.

لەلایەکی دیکەشەوە بێبەرنامەیی لە نەبوونی کارەبا، کەمی سووتەمەنی و کەمی ئاو، باری سەرشانی ژنانی قورس و گرانتر کردۆتەوە.

ژن و کچان ئەگەر لە پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی خێزانیش بەدووربن، بەڵام لە بەرنامەڕێژی بژێوی خێزان و ڕاپەڕاندنی کارەکاندا بەرپرسیارن، ئەمە جگە لەو ناهەقییەی کە دابونەریتی کۆمەڵگەو پیاوسالاری بەرانبەر بە مێینە بەڕێوەی دەبات.

سەرباری هەموو ئەو کێشانە، ژن وەک دەسکەلا بۆ برەودان و دەنگدان بە پیاوان دەکار دەکرێ. لە هەڵبژاردنەکاندا ژن بێبڕیار دەکرێ، هەرچەندە کە ڕێژەیەک بۆ بەشداربوونی ژنان لە پەرلەمان دانی پێنراوە، بەڵام لە دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن و مەکۆی بڕیاردانی حزبەکاندا دەستی کورت کراوەتەوە.

ئێستا لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمدا تەنیا یەک ژن پۆستی وەزیری پێدراوە، لە ناوەندەکانی دامەزراوەکانی دیکەشدا هەر ژن کەمینە و بێدەستەڵاتن. ئەو ڕەوشەش سیستەمی پیاوسالاری بەرهەمی هێناوە، حیزبە دەستەڵاتدارەکانیش لەو ڕەوشە بەرپەسیارن، ئەوەتا ژن ناچار کراوە کە بەهەموو شتێک ڕازی بێ، ئەگەر دەنگیش بەرز بکاتەوە، دووچاری کێشەی جۆراوجۆر دەبێتەوە، لەهەندێک حالەتدا گوشاری دەروونی و ئابووری لەدژیدا پێڕۆ دەکرێ.

ئەوانەی لە و چەند دێرەی پێشوودا باسمان کردن کورتەیەک بوو لەڕەوشی ژنانی باشووری کوردستان، کەچی بەداخەوە هەندێک لە ژنان لەوێنەی شاندی حکومەت و ڕێکخراوی سڤیل ڕەوانەی وڵاتان دەکرێن و لەبەردەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا باس لە باشی ڕەوشی ژن و پێشکەوتنەکانیان لە باشووری کوردستان دەکەن! بەوهۆیەوە نەک هەر درۆ لەگەڵ ئەو ڕێخکراوانەدا دەکەن بەڵکو درۆ لەگەڵ خودی خۆیان و ناهەقی لە کێشەی ژنیشدا دەکەن، بەوهۆیەشەوە کێشەی ژن ئاڵۆزو کەمبایەختر دەکەن.

هەقە ژنانی کوردستان ڕۆژی هەشتی مارس بکەن بە ڕۆژی لێپرسینەوە لەو ژنانەی کە بازرگانی بە کێشەی ژنانەوە دەکەن، لەو ڕێگەیەوە پۆست و پلە لە نێو حیزب و حکومەتدا مسۆگەر دەکەن و خۆیان دەوڵەمەند دەکەن و ئاوڕیش لە خەمی ژن و کچان نادەنەوە.

# بەختەوەری لە هاوسەنگی ژیاندایە

ڕاستی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە ئەوەیە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، واتە بەتەنها ناژێت، بینراو و نەبینراو لەخۆ دەگرێ، دەرەوەو ناوەڕۆک لەخۆ دەگرێ، بۆیە بەبێ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوو لایەنە ئەستەمە ژیانێکی بەختەوەرو خۆشی هەبێ.

واتە بۆ ئەوەی مرۆڤ کارەکانی بەجوانی و تەواوی ئەنجام بدات پێویستی بە هاوسەنگییە تاکو دەرفەتی کارو داهێنانی ڕێگە کورت دەکاتەوە، چونکە جەستە وەک یەکەیەک کار دەکات و لاوازی چالاکی یاخود چالاکتربوونی مانای لاوازی و چالاکی کەسەکەیە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە یەکلایەنی لە ئاراستە بەبێ ئاوڕدانەوە لە لایەنەکانی دیکە یاخود بایەخدان بە لایەک و ئامادەنەبوونی لایەنی دیکە هاوسەنگی لەدەست دەدات، ئەمەش خراپترین ڕووداوە کە مرۆڤ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی لەلایەک تەرخان بکات بەبێ بیرکردنەوە لە لایەنەکەی دیکە، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە کاری لەسەر بکەین، کاتێک مرۆڤ ئاگادار نییە یاخود پشتگوێی خست ئەوە دەرەنجامی ئەو پشتگوێ خستنە ماندووبوونی جەستەیی و هەستی سلبی و ماندووبوونی فیکری و دەروونی لێ دەکەوێتەوەو بەمەش خۆشترین ساتەکانی ژیانی لەدەست دەچێت.

ئەوەی جێی ئاماژەیە کە کاراکردنی هاوسەنگی کاری بەردەوامی دەوێت، لەبەرئەوەی هاوسەنگی تەندروست دوای هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی لە هەموو قۆناغە هاوکاتەکان و هەموو تازەگەری و زانیارییەکی پێشکەوتووی ڕۆشنبیری دێت، بۆیە دیاریکردنی هاوسەنگی و وێناکردنی بۆ هاوسەنگی بەپێی فراوانی زانیارییەکانی لە یاساکانی ژیان دەگۆڕێت.

هەروەها نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ناهاوسەنگی یاخود دابڕان و زیادەڕۆیی لە جێبەجێ کردنی کار ڕەنگە ئەو کارە ئیجابی و باشانە بۆ سلبی بگۆڕێ. لێرە پرسیارێک هەیە ئاخۆ تەنیابوونی مرۆڤ لەگەڵ خۆی زۆر گرنگ نییە بۆ پێشکەوتن، ئاخۆ هەر ئەو تەنیاییە نییە کە ئەگەر زۆر مومارەسە بکرێت دەبێتە هۆی گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە خەڵکی؟ ئاخۆ ژیانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگ نییە بۆ پێشکەوتن و زیادەڕۆیی لەو بوارە کاریگەری خراپی دەبێ؟

ئەم پرسیارانەی لای سەرەوە هەموو گرنگی ڕۆشنبیری دەسەلمێنێ بۆ هاوسەنگی و دواتر هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی هاوسەنگییەکە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی لە مانای هاوسەنگی لە ژیان و چۆنێتی جێبەجێ کردنی بەشێوەیەکی کردەیی، بۆیە یەکەم هەنگاو بۆ ئارامی دەروونی و تەندروستی جەستەیی و دەروونی ئەو هاوسەنگییەیە.